خوێنەرانی هێژا .

ڕەتکردنەوەی گەڵاڵەی بڕیاری پێشوازیکردن لە سوپای بیانی و ناردنە دەرەوەی سەربازی تورک لەلایەن پەرلەمانی تورکیاوە، لە ناوخۆی تورکیا و لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی کاردانەوەی جۆراوجۆری لێکەوتەوە. بەشێکی زۆر لە ڕۆژنامەنوسانی تورک، لەوانەی کە هەمیشە ئاگری شەڕ خۆش دەکەن و خوازیارن سوپاکەیان بۆ هەموو شوێنێکی جیهان ڕەوانە بکەن، بەم بڕیارەی پەرلەمانی وڵاتەکەیان نارازین.

لەلایەکی تر ئیلنور چەفیک سەرنوسەری ڕۆژنامەی تورکیش دەیلی نیوز کە هەفتەی ڕابردوو چووبووە کوردستان، دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردی بایەخێکی زیاد لە پێویستیان پێدا. ناوبراو لە لێدوانێکدا کە لەدوا ژمارەی ڕۆژنامەی "میدیا"دا چاپکراوە، بە ئاشکرا دەڵێ کە نە باوەڕی بە هەبوونی کوردستان هەیە و نە لە تورکیاش شتێک بە ناوی کێشەی کوردەوە هەیە. چەفیک سەرەڕای هەڵوێستی نەگونجاوی لە بەرامبەر دۆزی کورد، کەچی لەپای ئەوەی گوایە دۆستایەتی کوردەکان دەکات، کەوتۆتە بەر تانە و پلاری هاوڕێ ڕۆژنامەنوسەکانی.

کوردستان نێت

---

# گەشتێک بە ڕۆژنامەکانی تورکیادا (٥)

بەکر شوانی
bschwani@hotmail. com

## پێویستە ئیدی حسابی نەبوو بۆ "سیخوڕ ئاشکرایە" بکرێ

نوسەری ڕۆژنامەی "حوریەت" ئەرتوگرول ئوێزکۆک، لە بەشێکی وتاری خۆیدا کە لە ژمارەی ڕۆژی ٢٠٠٣/٣/٣ی ڕۆژنامەکەدا چاپکراوە، لەژێر ئەو ناونیشانەی سەرەوەدا دەڵێ:

(بەو پێیەی کە پەرلەمانی تورکیا ڕێگا بە ناردنە دەرەوەی سەرباز نادات، مانەوەی ئەو ٢٠-٣٠ هەزار سەربازەی کە لە باکوری عێراق هەمانە، لە دوێنێ بەیانیەوە نە لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی و نە لەسەر ئاستی نیشتیمانی هیچ ڕەوایەتی و باری مافداری نەماوە. لەبەر ئەو هۆیە پێویستە سەربازەکانی تورک دەستبەجێ لەو هەرێمە بکێشرێنە دواوە.

تورکیا ئەرکێکی تریشی لەسەرە کە دەبێت بەپەلە ڕایپەڕێنێ. ئێمە ماوەیەکە وەکو سیاسەتی ڕەسمی خۆمان دەڵێین: دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە باکوری عێراق بەلای تورکیاوە "سیخوڕ ئاشکرایە" دەگەیەنێ، واتە دەبێتە هۆی ڕاگەیاندنی شەڕ. دەبێ دەستبەجێ ئەم ستراتیژیەش بگۆڕدرێ و حسابی نەبووی بۆ بکرێ. چونکە ئەگەر دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لەوێ بە هۆی شەڕ دابنێین، ئەوا دەبێ سبەینێ لەکاتی دامەزراندنی دەوڵەتێکدا پەلاماریان نەدەین.

ئەوانەی لە پەرلەمان دەنگی "نا"یان بەکارهێنا لەدژی گەڵاڵەی ناردنی سەربازی تورک بۆ دەرەوە، بەرپرسیارن لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی و لە خوێنی هەر سەربازێکی تورک کە لەشەڕدا بۆ ڕێگرتن لە دامەزراندنی ئەو دەوڵەتە گیانی لەدەست بدات و بەرپرسیارن لە هاتنەوەی تەرمی هەر تورکمانێک.)

---

**ڕەتکردنەوەی تەزکیە**

**جونەید ئولسەڤەر لە هەمان ژمارەی ڕۆژنامەدا و لە پەرەگرافێکی وتارەکەیدا کە بەو سەردێڕەی سەرەوە نوسیوێتی، دەڵێ:**

**(تورکیا ناچارە ئیدی لە دەرەوە سەیری دامەزراندنی دەوڵەتی فیدراڵی کورد بکات و جارێکی تریش تورکمانەکان بەجێبهێڵێ تا ڕووبەڕووی چارەنوسی خۆیان ببنەوە. با ڕەگەزی کوردیش دەست بەسەر نەوتی موسڵ و کەرکوکدا بگرن.)**

**وتەبێژی کوردستان**

**بورهان ئایەری لە گۆشەکەی خۆیدا و لە بەشێکی وتارێکدا کە بەو ناونیشانەی سەرەوە لە ژمارەی ڕۆژی ۲۰۰۳/۳/ی ڕۆژنامەی "ئاکشام" دا بلاوکراوەتەوە، دەنوسێ:**

**(بەر لە دەنگدان لەسەر گەلاڵەی بڕیاری مۆڵەتبەخشین بە هاتنی سوپای ئەمەریکا و ناردنی سەربازی تورک بۆ دەرەوە، گەشتەکانی ئیلنور چەفیک-ی سەرنوسەری ڕۆژنامەی تورکیش دەیلی نیوز دەستی پێکرد. ئەم زاتە کە بە داوەتنامەی تایبەت چووبووە باکوری عێراق، بینیمان لە کۆبوونەوەی ئۆپۆزسیۆن لە تەنیشت تاڵەبانی و بارزانیەوە دانیشتبوو. کەسێک نیە نەزانێ کە چەفیک لە دامەزراندنی تەلەفزیۆنی کوردستاندا کەرەسەی پێویستی دابینکردووە. شێواز و هەڵوێستی کابرا نکۆلی لەمە ناکات. ئەو توانی تەنانەت بڵێ " کوردەکان لە ئێمە ئاقڵتر دەرچوون. " هەندێ مرۆڤ هەن پیشەیان هەرچیەک بێت، لایەنی بازرگانیان زیاتر دەکەوێتە ڕوو. بێکەڵک نابێت ئەگەر میللەتی تورک ڕووی ڕاستەقینەی ئیلنور چەفیک بناسێ.)**

www.kurdistannet.org کوردستان نێت